# تیۆرەکانی نەوە لە کۆمەڵناسیدا
# توێژینەوەیەکی تیۆرییە دەربارەی چەمک و تیۆرەکانی نەوە

**شەماڵ لەتیف ڕەشید[١]، مۆراد حکیم محەمەد[٢]**
[١] بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢] بەشی کۆمەڵناسی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

کەلێنی نێوان نەوەکان کێشەیەکی جیهانییە، بەشێکە لە ململانێکانی نێو پەیوەندییە مرۆییەکان، ئەم کێشەیە لە زیاد لە ئاستێکدا دەردەکەوێت. ململانێی نێوان نەوەکان دیاردەیەکی ئاشکرای نێو کۆمەڵگە جیاوازەکانە، ئەم دیاردەیە بەپێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کولتوری کۆمەڵگەکان بڕ و ئەندازە و توندی و نەرمیی ململانێکە دیاری دەکات. زۆربەی کۆمەڵناسان تیۆرەیان دەربارەی ململانێ داناوە، چونکە ململانێ لە ڕەهەندە جیاوازەکانیدا شتێکی ناچارییە و تاکەکان لە کۆمەڵگەدا لەسەر ئاستە جیاوازەکان دەکەونە ململانێ و دژایەتیی یەکتری، بێگومان لە سەر ئاستە ئابوری و سیاسییەکاندا ململانێکان بەرچاوترن. بەگشتی لە کۆمەڵگەدا ئەم دیاردەیە هەستپێدەکرێت و لەناو خێزان و پاشان لە نێوان نەوەکانیشدا ڕودەدات. ئامانج لەم توێژینەوەیە تیشکخستنەسەر چەمکی نەوەیە لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە تاوتوێکردنی تیۆرە جیاوازەکانی نەوەیە لە بواری کۆمەڵناسیدا. گرنگیی ئەم باسە لەوەدایە کە لە نیو سەدەی ڕابردودا جیاوازی و دژایەتیی نێوان نەوەکان، یان ململانێ و دابڕانی نێوان نەوەکان لە ئاستی جیهاندا بۆتە باس و خواسی زۆرێک لە کۆمەڵناس و دەرونناس و تیۆرستە کۆمەڵایەتییەکان، دوای خوێندنەوەی باسەکە بە تیۆرە جیاوازەکانی نەوە و جیاوازیی تێڕوانینی تیۆرستەکان ئاشنادەبین. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت چەمکەکانی نەوە، جیاوازیی نەوەکان، ململانێی نەوەکان و کەلێنی نەوەکان ڕونبکرێنەوە. هەروەها چوار تیۆری گرنگ لە بارەی نەوەوە دەخرێنەڕو، ئەوانیش تیۆرەکانی وەک: تیۆری نەوەکانی کارڵ مانهایم، تیۆری نایەکسانیی پییەر بۆردیۆ، نەریت و نوێگەریی ئەنتۆنی گیدێنز و چوارەمیشیان تیۆری ئاڵوگۆڕی بەهاکانی ڕۆناڵد ئینگلهارت.
**وشەی سەرەکی:** نەوە، ململانێی نەوەکان، کەلێنی نەوەکان، دیدگەی نەوەکان، تیۆری نەوەکان.

## ١. پێشەکی

مرۆڤ چۆن بەسروشتی خۆی دەچێتە نێو پەیوەندییەوە، بەهەمان شێوە دەچێتە ناو ململانێ و ناکۆکییەوە، هەر وەکو کۆمەڵناسەکانیش جەختی لێ دەکەنەوە، تاکەکان لە نێو کۆمەڵگەدا لە دۆخی ململانێیەکی بەردەوامدان (Marx and Engels, 2004) بۆ بەدەستهێنانی خواست و ویستەکانیان، هەندێک جار ململانێکان هێمن و لەسەرخۆن، هەندێک جاریش توند و بەهێزن، بەڵام هەمیشە هەن و بەردەوامن.

هەتا گۆڕانکارییەکانیش خێرابن و ئاستی خواستی تاکەکانیش بەرزتر بێتەوە، تەوژمی ململانێکانیش بەهێز دەبن. بێگومان لەم سەردەمەدا خێرایی و داهێنانە تەکنەلۆژی و میکانیکییەکان، بۆشایی و کەلێنی زۆریان لە پەیوەندییەکاندا دروستکردووە، یاخود پەیوەندییەکانیان بردووەتە ئاستێکی دیکەوە، کە کەمتر لە پەیوەندی دەچێت، بەڵکو شێوەی پەرتبونی وەرگرتووە. ژیان لە ناوجەرگە و لەنێو تەوژمی گۆڕانکارییە گەورەکاندا، لەسەردەمی ماشێنی خێرای دنیای سەرمایەداریدا، کە بەرهەمی نوێگەریی ڕۆژئاوایە، توشی ئاڵۆزی و قەیرانمان دەکەن لە ئاستە جیاجیاکاندا.

ئەم توێژینەوەیە کە تایبەتە بە ململانێی نەوەکان، تیایدا هەوڵدەدرێت بە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسانە و بە گەڕانەوە بۆ کەلەپوری زانستە کۆمەڵایەتییەکان باس لەو ململانێیە بکرێت. ململانێی نەوەکان لە دۆخی گۆڕانکارییە خێراکاندا ڕودەدات، ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە توانایاندایە شڵەژان لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا دروست بکەن،

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ١ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٠ ئاب ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ١٤ ئەیلوول ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٢ حوزەیران ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: shamal.rashid@univsul.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ شەماڵ لەتیف ڕەشید و مۆراد حکیم محەمەد
گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp292-302

کێشە و گرفت بۆ گەنجان دروست بکەن، بە جۆرێک کە هاوسەنگی نەمێنێت و هەست بە نادادپەروەری و نەگونجان بکەن و ناکۆکیی کولتوری و کۆمەڵایەتی سەرهەڵدات. هەروەها ڕەنگە ململانێی نەوەکان ئەنجامی بارودۆخی ململانێ کۆمەڵایەتییەکان بێت دەربارەی ئەو کێشانەی کە سروشتێکی سوسیۆسیاسییان هەیە (مرغاد، ٢٠١٣، ٨٤). ململانێی نەوەکان بە کێشەی هەمو سەردەمەکان دەناسرێت، ئەو شەوەزەنگە ڕاستەقینەیەیە کە زۆر بیرمەندی بەخۆیەوە خەریککردووە و دەپرسن: ئایا ئەوە ئەنجامی قەیرانی بەهاکانە؟ یان قەیرانی هەڵەتێگەیشتن و هەڵەمەزندەکردن؟ یان بریتییە لەو نوێخوازییەی کە نکۆڵی ڕەسەنایەتی دەکات یان ئەو دەستگرتنەی باوکەکانە بەو شتانەی لەسەری ڕاهاتون کە هەمو گۆڕانکارییەک وا داوای نوێبونەوە دەکات، ڕەتدەکاتەوە؟ بارودۆخی ژیاری جەخت لەسەر ڕواڵەتەکانی کەلێنی نێوان باوان و منداڵەکان دەکاتەوە و ئەم کەلێنە لە هەمو کاتێکیش گەورەترە (حافظ، ٢٠٢١: ١٤٣)

سۆسۆلۆژیای نەوەکان لقێکی نوێی ناو ڕشتەی سۆسیۆلۆژیای گشتییە، لە دەیەی شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە بۆ توێژینەوە لە هەلومەرجی ژیان و تێگەیشتن لە ڕەهەندە جیاجیاکانی ژیانی نەوەکان و بەتایبەت گەنجان، ئەم لقە هاتە کایەوە، کە تیایدا -کۆمەڵناسی- لێکۆڵینەوەی دەربارەی نەوەکان لە زەمەن و دۆخی جیاوازدا، کردە تەوەری کاری خۆی. لە ڕوانگەی ئەم لقەی کۆمەڵناسییەوە نەوە بە گروپێک لە تاکەکان دەڵێن کە لە ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراودا دێنە دنیاوە و پێگەی مێژویی و پەیوەندیی تایبەت لە ئاستی تاکایەتی و سیستەمدا، ئەوان لە گشت جیادەکاتەوە (بیکر، ١٩٩٧: ١١٨). زەمەن و پێگەی مێژویی و پەیوەندییەکان، ڕۆڵیان لە دیاریکردنی نەوەکان و جیاکردنەوەیان لە نەوەی پێش خۆیاندا هەیە ، واتە ئەو تاکانەی کۆمەڵگە دەگرێتەوە کە لە ڕوی تەمەنەوە لە یەکتری نزیکن، دەشێت برێکی زۆر ئارەزو و خولیایان لە یەکتری نزیک بێت. لەم توێژینەوەیەدا جگە لە ناساندنی چەمکی نەوە و کەلێنی نێوان نەوەکان، ئەوتیۆرە هاوچەرخانەش دەخەینەڕو کە ئەم دیاردەیە تیورایزە کردووە.

### کێشەی توێژینەوەکە

کەلێنی نێوان نەوەکان کێشەیەکی جیهانییە، بەشێکە لە ململانێکانی نێو پەیوەندییەکانی مرۆڤ. ئەم کێشەیە لە زیاد لە ئاستێکدا دەردەکەوێت. لە چەند دەیەی ڕابردوودا ئەم کەلێنە لە نێوان نەوە جیاجیاکاندا دەردەکەوێت، دەرخستنی واقعی ئەم کەلێنە دەبێتە کێشەی توێژینەوەکە. هەروەها جیاوازیی تیۆرەکانی کۆمەڵناسی و ڕاونگەیان بۆ ململانێ و کەلێنیی نێوان نەوە جیاوازەکان لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، بەشێکی دیکەی کێشەی ئەم توێژینەوەیە. هەروەها پەیوەندیی نێوان تیۆرە کۆمەڵناسییەکانی تایبەت بە ململانێ و ڕەنگدانەوەی لە ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵگەدا.

### ئامانجی توێژینەوەکە

خستنەڕوی کەلێنی نێوان نەوەکان وەک دیاردەیەکی کولتوری و کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی دیاری لە هێنانەکایەی بەهای نوێ و جیاواز لە ژیانی کۆمەڵایەتیی نەوە جیاوازەکاندا هەیە. نیشاندانی تیۆرەکانی کۆمەڵناسی بۆ خوێندنەوەی ململانێی نێوان نەوەکان، پاشان هەڵسەنگاندن و ڕەخنەکردنی ئەم تیۆرانە و گونجاندنیان لەگەڵ هەلومەرجی ململانێی نەوەکان لە کوردستاندا، ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە. یەکێک لە ئامانجەکان دەرخستنی ململانێی نەوەکانە لەڕوانگەیەکی مێژوییەوە، هەروەها نایەکسانی و نابەرانبەریی نەوەکان لەسەردەمە جیاوازەکاندا، پاشان خستنەڕوی ململانێی کۆن و نوێ و لە کۆتاییدا ڕۆڵی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ململانێ و کەلێنی نێوان نەوەکاندا.

### گرنگیی توێژینەوەکە

کەلێنی کولتوری، ئەو دیاردە نوێیەیە ڕۆڵی لە دروستبونی بۆشاییی گەورە لە سروشتی تێگەیشتن لەو مەودایەی لە نێوان نەوەکان لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا هەیە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تیشکخستنەسەر ئەو ناڕونییە. نیشاندانی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی تیۆرە جیاوازەکانی کۆمەڵناسی لەسەر ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتورییەکانی گەنجان و نەوەی کۆن، شێوازی ژیانی مۆدێرنی لای نەوەی نوێ و بەراوردکردنی بە تێگەیشتنی نەوەی پێشتر (کۆن) بۆ ئەو ژیانە نوێیە. گەشە و ڕۆڵی تەکنەلۆژیا و هونەر و دیدگەی نوێ بۆ دیاردە کولتورییەکان و ژیانی گەنجایەتی لەسەر دروستکردنی کەلێنی نێوان نەوەکان.

## ٢. چەمکی نەوە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە

بە پێی پێوەری کۆمەڵناسی، هەمو دەساڵ جارێک نەوەیەکی نوێ لەدایکدەبێت، کە دەکرێت وەک نەوەیەکی جیاواز خانەبەند بکرێت و بناسێنرێت، بەڵام نەوەکان لەڕوی پێکهاتەی تەمەن و ساڵەوە بەپێی توێژنەوە نوێکان لە ١٧ بۆ ٢٥ ساڵی نەوەیەکی نوێ هەژمار دەکرێت (فولادی، ٢٠٠٩: ١٠٧). هەندێک بڕوایان وایە - نەوەیەک - گوزارشتە لە مەودای تەمەنی نێوان دایک و باوک لەگەڵ منداڵەکانیان، بەم جۆرە ئەگەر مەودای ساڵیی وەربگرین، بۆ نموونە گریمانەی نێوان بیست ساڵ بۆ بیست و پێنج ساڵی بکەین، ئەوا هەر بیست ساڵ بۆ بیست و پێنج ساڵ نەوەیەکی تازە دێتە ژیانەوە، زۆربەی خەڵک بە درێژایی تەمەنیان گەواهیدەری سێ نەوە دەبن، نەک و باپیریان، خۆیان و نەوەکانیان، بەم شێوەیە بە بڕوای باڵس تیۆروانانی کولتوری گشتی و مێژونوسان لەو بڕوایەدان کە لە ڕواڵەتدا هەر **دە**ساڵ جارێک شێوەیەکی نوێ لە زەینیەتی نەوەکان دەردەکەوێت (بالس، ٢٠٠١: ٦).

نەوە لە ڕوانگە و دیدگەی بیرمەندی ئیسپانی ئۆرتێگا ئی گاسێت، لە کتێبی (مژاری ئەم سەردەمە)، کە بیرۆکەیەک دەربارەی (نەوە) دەخاتەڕو، دەکرێت ئەم توێژینەوەی بەردەست هاوکاربێت بۆ تێگەیشتنێکی ورد لەم چەمکە. لە دیدی ئۆرتێگاوە – نەوە - بریتی نییە لە دەستەیەک خەڵکی هەڵبژاردە، هەروەها بریتیش نییە لە جەماوەر، بەڵکو

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp292-302

نەوە بریتیە لە بونیادێكی كۆمەڵایەتیی داخراو بە ڕوی خۆیدا، كەمینەیەک و جەماوەریش لەخۆی دەگرێت. تاكەكانی نەوەیەک بە كۆمەڵێک پەیوەندیی نمونەییەوە دێنە دنیاوە، وایان لێدەكات لەیەكبچن و لە نەوەكانی پێشخۆیان جیایان بكاتەوە. ئەم دیدگەیە تەماشای نەوەكان دەكات وەک گشتێک گەورەتر لە گروپێكی كۆمەڵایەتیی دیاریكراو ، بەڵام لێكچون لە ئاستە جۆراوجۆرەكاندا وەک نەوە؛ دیارییان دەكات (بەدەوی، ٢٠٢٠: ٢٠٠).

نەوە پێكهاتەیەكی دیاریكراوی تاكەكانن، ئەم پێكهاتەیە خاوەنی دیدگە، بۆچون، كەسایەتی، شێوازی ژیان، بەهای هاوبەش، بەشداریی كۆمەڵایەتی، هەستی كۆیی، دیدگەی ڕەخنەیی و تایبەتمەندیی خۆیانن. خاوەنی پێگەی كۆمەڵایەتیی دیاریكراون، ئیدی بە پێی تەمەن و خواستەكانیان جیادەكرێنەوە. ئەو پرەنسیپانەی لە سەری كۆش دەبن كاریگەرە لە دیاریكردنی زەینیەت و ئەندێشەیان. ڕەفتاریان خاڵی جیاكەرەوەی بیركردنەوەیانە. هێڵێک هەمیشە هەیە، كە دەبێتە هۆی دەستنیشانكردن و سازبونی نەوەیەک، ئەو هێڵە جودایە و ناچێتەوە سەر هەمان هێڵ كە نەوەیەكی تری پێناسراوە. بەم هۆیانەوە نەوە، بە گروپێک یان توێژێكی هاوتەمەن ناودەبرێن، بە بەڵگەی ڕوداوە كۆمەڵایەتی و پەیام و پێشهاتە دیاریكراوەكان، كە تاک لە ماوەی گەنجی و نەوجەوانیدا بۆی دروست دەبن، نەوەكان شێوازێک لە بیركردنەوە پەیدادەكەن كە تایبەتە بە خۆیان (محمودی، ٢٠٠٩: ٩١).

شێوازێک لە بیركردنەوە واتە ئەندێشە و خولیای تایبەت و دیاریكراو، دەبنە پێناسە و شوناسی ئەو نەوەیە، ئیدی هەر نەوەیەک بێت، گەنج یان پیر، كۆن یاخود نوێ، نەوجەوان یان گەورەساڵ، شوناس وەردەگرن، ئەم شوناسە بە (نەوە) ناودەبرێت. جگە لە هزر و ئەندێشە، كە ڕۆڵی بنەڕەتیی لە دیاریكردنی نەوەكاندا هەیە، هەروەها ڕۆڵیشی لە جیاكردنەوەی نەوەیەک لە نەوەیەكی تر هەیە، (تەمەن)یش وەک كاتیگۆرییەكی گرنگ ڕۆڵی لەم دەستنیشانكردن و جیاكردنەوەیەدا هەیە. زۆربەی ئەوانەی تایبەتمەندی بواری لێكۆڵینەوەی نەوەكانن، كۆكن لە سەر دیاریكردن و دەستنیشانكردنی ڕۆڵی تەمەن لە پەیوەندیی بە دروستبون و هاتنەبونی نەوەیەكی نوێ و جیابونەوەی لە نەوەی پێشخۆی. وێڕای ڕۆڵی بیر و تێگەیشتنیان بۆ ژیان و ئەزمون و شێوازی ژیان، هەروەها ڕۆڵی پێگەی مێژویی و هەلومەرجی ژیانی كۆمەڵایەتی و دیاردەی تاكخوازی و هزرینی تاكایەتی لە نێو نەوە جیاوازەكاندا، كە كاریگەرن لەسەر دروستبوونی نەوەیەكی تازە.

## ١.٢ كەلێنی نەوەكان

پێش ئەوەی لە چەمكی كەلێن بدوێین، بە پێویستی دەزانین چەند چەمكێكی نزیک و هاوشێوە بناسێنین و هەڵاوێرد بكەین، كە لەم توێژینەوەیەدا بەكاریان دەهێنین، بۆ ئەوەی تێكەڵاوی و گرێوگۆڵ دروست نەكات لە بەكارهێنان و واتادا، ئەوانیش (جیاوازی، ململانێ، دابڕان)ن. هەریەک لەم چەمكانە، لەگەڵ ئەوەی نزیكی لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام لە كۆنتێكستدا واتای جیاواز وەردەگرن و هەریەكێكیان گوزارشت لە دۆخێكی دیاریكراوی كۆمەڵایەتی دەكات . چەمكی (جیاوازی)، جۆرێكی تا ئەندازەیەک نەرمە، توانای لێكنزیكی و پەیوەندیی لە خۆیدا هەڵگرتووە، واتە ئومێدی ڕایەڵەكردنەوەی دوبارەی لێدەكرێت. هەرچی چەمكی (ململانێ)یە، پەیوەندیی بە ڕەخنە و ناڕازیبون و ناكۆكییەوە هەیە، كە دەكرێت ئاراستەكەی توندتربێت، لەهەر كاتێكدا بۆی بگونجێت دەگۆڕێت بۆ دابڕان و كەلێن. ململانێكانیش دەشێت زۆرجار ئەرێنی بن. هەرچی چەمكی (كەلێن)ە، دۆخی توندوتیژی ململانێیە، لەم دۆخەدا مەودای تێنەگەیشتن و جیاوازی زۆر گەورە دەبێت، سەردەكێشێت بۆ یاخیبون و ڕەتدانەوەی تەواوەتی بۆ بەهاكان، نەریتەكان و دۆخی باوی كۆمەڵایەتی. ئەمە ئەو دۆخەیە كە هەندێک لە تیۆرسینەكان بروایان وایە بەهۆیەوە دژیەكی و ناكۆكییەكی توندوتیژ لە نێوان كولتوری گەنجان و گەورەساڵاندا سەرهەڵدەدات (یوسفی، ٢٠٠٤: ٢٧).

بۆ باشترتێگەیشتن لە چەمكی كەلێن لە ڕووی وشەسازییەوە، مامۆستا هەژار لە فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە) دا كەلێن Gap بە واتای (قەڵشت، چەپەر، سپێر، درەفت)دەناسێنێت (هەژار، ٢٠١٢: ٦٦٧). ئەم چەمكە لە زۆر بواردا بەكاردەهێنرێت وەک بواری كۆمەڵایەتی، سیاسی، بەڕێوەبردن، حكومداری، كولتوری و زۆر بواری تر. كەلێن واتا ئەو بۆشایی و درزەی دەكەوێتە نێوان دو شتەوە، بە تایبەتی بۆ شتە بێگیان و بەرجەستەكان، واتە كەلێن زیاتر لە نێوان دو خوددا دروست دەبێت، وەک لەوەی لە نێوان دو بابەت، كە بە هۆكارێكی دیاریكراو لە یەكیان جودادەكاتەوە؛ دەشێت ئەو هۆكارە كات، یان شوێن، یان بابەتێک بێت. بۆ نموونە كەلێنی نێوان دو مادە واتە كەلێنی فیزیكی، یان كەلێنی نێوان دو ئاراستەی سیاسی یان ئایدۆلۆژی، یاخود كەلێنی نێوان دو نەوە، واتە جیاوازی لە تەمەن و لە بیركردنەوەدا، ئەمە بە كەلێنی كۆمەڵایەتی دەناسرێت. بەڵام ئەم كەلێنە لەناو خۆیدا جارێكی تر پەیوەندی بەرهەم دەهێنێتەوە، چونكە تەنانەت لە دۆخی ململانێ یاخود كەلێنی نێوان نەوەكاندا، نەوەی نوێ خۆی بە نەوەی پێش خۆی بەراوردەكات، جا چ بۆ دەرخستنی جیاوازییەكانی یان هاوبەشییەكانی بێت، كە لە ئەنجامدا جارێكی تر دروستكردنەوەی پەیوەندییە. هەتا لە توندترین دۆخی خۆیدا پچڕان و دابڕانی تەواوەتی ڕونادات، بەڵكو گفتوگۆ هەر بەردەوامی هەیە. بەواتایەكی دیكە كەلێن كەمتر مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا دەكات، بەڵام وشەی دابڕان گونجاوترە بۆ مامەڵەی مرۆڤەكان، دابڕان هەمیشە ئەگەری جارێكیتر بواری دروستبوونەوەی پەیوەندی دەدات.

بە بڕوای زۆرێک لە خاوەن تیۆرەكان، بابەتی كەلێنی نێوان نەوەكان تا كاتی پەیدابونی كۆمەڵگەی پیشەسازی، بابەتێكی جێ بایەخی توێژینەوە نەبو. لە ڕابردودا هۆكارگەلی زۆر هەبون كە یارمەتیدەربون بۆ دروستنەبونی كەلێن و جیاوازیی نێوان نەوەكان، وەک جیاوازیی كەم لە هەلومەرجی ژیان، شوێن و پێگەی كۆمەڵایەتی، گروپی تەمەنی جیاواز، ڕەچاوكردنی ڕێز بۆ گەورەكان و ڕەچاوكردنی ڕێسای تایبەت، گۆڕانی سروشتیی كولتور و ڕێساكانی كۆمەڵگە بۆ نەوەی دواتر بێ هیچ جۆرە هەوڵێک، بونی تێڕوانینی تاكڕەوانە، بیركردنەوە و ڕەفتاری نەوەی نوێ هۆكاربون تا گۆڕانی زۆر نەیەتە پێش و كەلێنی نەوەكان ڕوبدات (شفرز، ٢٠٠٤: ٤٠). ئەگەرچی لە دو دەیەی بیست و سییەكانی سەدەی ڕابردو ململانێكان بە جۆرێک لە جۆرەكان چڕبونەوەیان

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp292-302

بەخۆوە بینی لە نێوان باوکان و نەوەکانیاندا، بەڵام هێشتاش وەک توێژینەوەی زانستی و سەربەخۆ، کاری لەسەر نەکرا تا دەیەی حەفتاکان ( Kolland:1994 ).

پاش ئەوەی گۆڕان لە چوارچێوەی خێزان و پێگەی تاک و مامەڵەی تاکەکان لە کۆمەڵگەدا هاتە پێش، بەتایبەتی لە دەیەی پەنجاکانی سەدەی بیستەم بەدواوە و بە دیاریکراوی لە دەیەی ١٩٦٠ لە نێوان کۆمەڵناسان و دەروناساندا توێژینەوە دەربارەی چەمکی کەلێنی نەوەکان پەیدا بو، بەڵام بەدەرلەوە هەمو کات لە پەیوەندیدا بە ژیانی کۆمەڵایەتیی تاکەکانەوە، ئەدەبیات دەتوانێت کۆمەکی زۆرمان بکات بۆ تیگەیشتن لە پرسە جۆراوجۆرەکان؛ وەختێک ئێمە ناتوانین لە ڕێگەی ڕوداوەکانەوە لە دۆخی ئاڵۆزی نێوان خەڵک تێبگەین؛ ئەوا دەتوانین بە گەڕانەوە بۆ ئەدەب و ژانرە ئەدەبییەکان، مێژوی ململانێ و بەریەکەوتنەکان باشتر دەرک بکەین. لەم نێوەندەدا، بۆ تێگەیشتن لە ململانێ و جیاوازیی نێوان نەوەکان، گەڕانەوە بۆ ڕۆمانی (باوکان و کوڕان)ی ئیڤان تۆرگنیفی ڕۆمانوسی ڕوسی بۆنەیەکی باشە بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن لە سروشتی ئەو ململانێ و بۆشاییەی کە لە هەمو سەردەمەکاندا لە نێوان نەوەکاندا دروست دەبێت.

چیرۆکی ئەم ڕۆمانە گفتوگۆیەکی قووڵ و وردە لە نێوان دو نەوە کە لە یەک سەردەمدا دەژین، بەڵام خواست و ویستەکانیان پێکناکۆکن و هەر یەکەیان هەوڵدەدات بەرگری لەو پرەنسیپ و خواستانە بکات کە خۆی بڕوای پێیانە؛ باوکەکان کە خەریکی کاری کوشتوکاڵ و کاری گوندن و کۆمەڵێک نەریت و بەها ژیانیان ئاراستە دەکات، لەگەڵ کوڕەکان کە ئاشنای ژیانی شار و گۆڕانکاریەکانن، دەکەونە ناکۆکییەوە، دو دنیابینیی جیاواز، دو دیدگەی پێکناکۆک و دور لەیەک. بۆیە دەبینین تۆرگنیف لە زاری دو کارەکتەری ناو ڕۆمانەکەوە کە سەر بەدو نەوەی جیاوازن دەنوسێت:

" - من لە قسەکانی تۆ تێناگەم، تێناگەم چۆن کەسێک دەتوانێ یاسا و ڕێساکانی قبوڵ نەبێ.

– مامە گیان پێشتر گوتبوم، ئێمە باوەڕمان بە بنەماکان نییە. ئێمە بەپێی پێویستی و ئەوەی چ شتێک بەسودە، کارەکانمان ئەنجام دەدەین. پابەندبوونتر لە هەرشتێک لەحاڵی حازردا ئەوەیە کە تێکڕای بنەما بێکەڵکەکان ڕەتبکەینەوە". (تۆرگینێف، ٢٠١٤: ٦١). هەروەها دەنوسێت:

" لە ڕابردودا گەنجان بۆ ئەوەی بە نەخوێندەوار و نەزان لە قەڵەم نەدرێن ناچاربون کۆشش بکەن و دەرس بخوێنن، بەڵام ئەمڕۆ پێویست بەوە ناکا، چونکە تەنیا بەڕەتکردنەوەی هەمو شتێک و گوتنەوەی ئەو وشەیە کە هەمو شتێک هیچوپوچە، دەگەنە گەورەترین ڕادەی زانیاری" (تۆرگینێف، ٢٠١٤: ٦٦). ئەم ڕستانە دەتوانن دیدگە و ڕەهەندی کۆمەڵایەتیانەی ئەم دیاردەیەمان بۆ بخەنەڕو، کە ڕەتدانەوە دروستدەکات، تیایدا ئەوە ئاشکرا دەکات نەوەی گەنج و نەوەی بەساڵداچو، بینینیان جیاوازە، ئارەزوەکانیان جیاوازە. هەروەها لە ڕۆمانی (حەسار و سەگەکانی باوکم)ی شێرزاد حەسەندا ئەم ناکۆکی و ململانێیە هێندە بە ئاشکرا و ڕون خۆی دەردەخات و هێندە ناکۆکییەکان گەورە دەبن تا دەگاتە ئاستی کوشتنی باوک لەلایەن کوڕەوە، ئەمە جگە لە ڕەهەندە سایکۆلۆجییەکەی کە کاریگەرە بە تیۆری فرۆید دەربارەی گرێی ئۆدیب، بەڵام ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و کولتوریەکانی ناو ئەم ڕۆمانە و ئەدەبیات بەگشتی، دەتوانن دەروازەی گرنگ بن بۆ تەماشاکردنی ئەم دیاردەیە لە دیدگەیەکی کۆمەڵناسیانەوە. ئەم ڕوداوانە هەمیشە لە ناو واقعی کۆمەڵایەتیی ئێمەدا ئامادەن، بەڵام هێزی ئەدەب باشتر وردەکارییەکانی و وێنە گشتییەکەیمان نیشان دەدات.

بەم شێوەیە دەتوانین لە کۆمەڵناسیی ئەدەبەوە هەنگاوێک هەڵبگرین و ئەوە بخەینەڕو، چەمکی ((کەلێن)) لە کۆمەڵناسیدا، بەو کۆمەڵە جیاوازی و جیاکارییانە دەگوترێت، لە ئەنجامی بەرانبەریی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەردەکەون، کە لە بنەڕەتیترین شێوەیدا بریتییە لە کەلێنی ژیانی مۆدێرن و نەریت، کەلێنی کۆن و نوێ. یەکێک لە گرنگترین و تایبەتترین شێوازی ژیانی نوێ بریتیە لە شۆڕش لە دژی هەر شتێک کە لە دیدی گەنجانەوە نەریت بگۆڕێت. هەڵاتن لە نەریت هۆکاری دروستبونی دیاردەی ناسراو بە کەلێنی نێوان نەوەکانە (نصر، ٢٠٠٣: ٣٤٠).

نەریتەکان کاریگەرییان لەسەر مانەوەی تاک لە ناو بۆتەقەی کۆمەڵگەدا هەبوە؛ نەریتەکان ڕێگربون لە دروستبونی ململانێ لە نێوان نەوەکاندا، بەڵکو دەتوانین بڵێین نەریتەکان ڕۆڵیان لە یەکڕەنگیی ژیانی کۆمەڵایەتیی تاکدا هەیە. بەڵام لەگەڵ گۆڕانی شێوازی ژیان و هاتنە کایەی بیرکردنەوەی نوێ و دنیابینی مۆدێرن ڕوانینی جیاواز و ڕەفتاری جیاواز لە نێوان کەسانی تەمەن جیاواز لە کۆمەڵگەدا سەریانهەڵدا. ئەمانەش بەگشتی هۆکاربون بۆ جیاوازی لە بیرکردنەوە و ڕوانین بۆ دیاردە و پێشهاتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتوری و ژیانی ڕۆژانە.

کەلێنی نەوەکان بە واتای بونی جیاوازیی دانایی، هۆگری و ڕەفتاری لە نێوان دو نەوە لەگەڵ بونی پەیوەستیی زۆر و کاریگەر لە ڕوی بونیادی کۆمەڵایەتی، کولتوری و مێژوییەوە. منداڵەکان، بە بەراورد لەگەڵ پیر و گەورەساڵان، لەگەڵ ئەوەی لە یەک کەشوهەوای کولتوریدا دەژین، بەڵام ڕوانینیان، هۆگری و ڕەفتارەکانیان جیاوازی هەیە. کەلێنی نەوەکان کاتێک دروست دەبێت کە یەکێتیی نەوەکان شێوە بگرێت (آرمکی و غفاری، ٢٠١٤: ١٧). وەختێک تاکە هاوتەمەن و هاوبیرەکان لە ناو گروپ و دەستەی سەربەخۆ و لە تۆڕێکی پەیوەست بەیەکەوە ڕێکدەکەون و بیرۆکە و خواستی هاوشێوە، شێوازی ژیانیان دیاریدەکات، یەکێتییەک لە نێوانیادا پێکدێت، کە هاوسۆزی و هاوویستی و ڕەفتاری هاوشێوە دەنوێنن، ئەمەش لە گروپ و دەستەی جیاواز لە تەمەن و ڕەفتاردا جیایان دەکاتەوە، لەگەڵیدا شوناسی هەردو نەوە جیاوازەکە لە ڕوی کولتوری و کۆمەڵایەتییەوە جیادەکاتەوە.

کەلێنی نێوان نەوەکان، ڕەنگدانەوەی دروستبونی دابڕانە کولتوری و کۆمەڵایەتییەکانە، تەنیا لەوکاتەدا کە بە شێوەیەکی تەواوەتی لێکۆڵینەوە لە دابڕانی کولتوری و کۆمەڵایەتییەکان دەکەین، دەتوانین دەرکی کەلێنی نێوان نەوەکان بکەین. دابڕانی کولتوری، واتە پچڕان لە بنەڕەت و بنەما کولتوریی، کۆمەڵایەتی و مێژوییەکان (ارمکی، ٢٠١٤: ٢٠). ئەو بارودۆخەی نەوە جیاوازەکان بۆ خۆیانی بەدیدەهێنن، لە زۆر باردا، دەبێتە دۆخێکی باربو بۆ سەر جیاوازییەکان؛ ڕەنگە جیاوازییەکان تۆخ بکاتەوە و هەندێک جاریش بە پێچەوانەی پێشبینییەکانەوە جیاوازییەکان کاڵ دەکاتەوە. ئەوەی باشتر ئەو دۆخە نیشان دەدات، ژیان و ڕوانینی نەوەکانە بۆ گۆڕانکارییەکان.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp292-302

لێرەدا گرنگە ئاماژە بە دو ئەگەری بەهێز بکەین بۆ تێگەیشتن لە ڕوانینمان بۆ کەلێنی نێوان نەوەکان. ئەگەری یەکەم بریتییە لە بونی جیاوازی و بۆشایی لە نێوان دو نەوەی جیاواز لە ڕوی کات و تەمەنەوە، کە ڕەنگە جیاوازییەکە ئەوەندە بەهێزبێت بزاوتی کردبێت بۆ کەلێن. ئەگەری دووەم، لاوازیی ململانێ و جیاوازییە لە نێوان ئەو دو نەوەیەدا، کە ڕەنگە هێشتا بۆشاییش دروست نەبوبێت تا بگاتە کەلێن. ئەمەش پێویستی بە سەلماندن و پشتڕاستکردنەوە هەیە، سەرەڕای بونی جیاوازی لە ڕوی تەمەن و تێڕوانینەوە بۆ پرسە کۆمەڵایەتی و کولتوری و ژیارییەکان، هێشتا ناتوانین سەلمێنەری بونی کەلێن بین لە نێوان نەوەکاندا. کەلێنی نەوەکان بە گەورەترین و فراوانترین جیاوازی و دابڕانی نێوان نەوەکان دادەنرێت، جیاوازییەکی کەم لە نێوان دو نەوە لە بەها و نۆرم و ڕوانیندا، شتێکی سروشتییە و لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا بەدی دەکرێت و لە هەمو کاتێکدا هەیە. ئەم جیاوازییانە زۆرتر ڕیشەیەکی دەرونناسیانەی هەیە و تاکەکان لە تەمەنی جیاوازدا بە بەڵگەی بارودۆخی جیاوازیی سۆزداری و دەرونی لە یەکتری تێدەگەن (اینگلهارت،١٩٩٤: ٨٤).

## ٣. تیۆرەکانی نەوە

سەبارەت بەو تیۆرە کۆمەڵایەتیانەی لەبارەی نەوەکانەوە هەن، توێژەران هەوڵدەدەن تیشک بخەنە سەر بیروڕای گرنگترین ئەو زانا کۆمەڵایەتییانەی بایەخیان بە بابەتی نەوەکان داوە، لەوانەش: کارڵ مانهایم، ئەنتۆنی گیدێنز، پیر بۆردیو و ڕۆناڵد ئینگلهارت.

### ٣. ١ تیۆری نەوەکان (کارڵ مانهایم)

دەتوانین کارڵ مانهایم وەک یەکەمین تیۆرسێن ناوبەرین؛ توێژینەوە و کتێبی دەربارەی نەوەکان و ململانێی نەوەکان نوسیوە. کارل مانهایم (١٨٩٣-١٩٤٧) کۆمەڵناسی مەجەڕی بە ناونیشانی یەکەمین لێکۆڵەرەوەی بواری تیۆرەی نەوەکان ناودەبەن، نەوە بە گشتی بەو تاکانە دەزانێت کە شوێن و پێگەیەکی هاوبەشیان لە ڕەوتی مێژوو و جیهانی کۆمەڵایەتیدا هەیە و ئەوان بە یەک شێوە بیردەکەنەوە و ئەزموونێکی تایبەت بەخۆیان هەیە، یەک کردەی مێژوویی تایبەتیش پێگەیان دیاری دەکات (کۆزر، ١٩٩٤: ٥٦٩).کارڵ مانهایم بۆ یەکەم جار تیۆرەی نەوەی خستەڕوو، بە بڕوای ئەو نەوە گوزارشتە لە گروپێک لە تاکەکان کە لە ساتێکی مێژوویدا تەمەنێکی یەکسانیان هەیە، کە ڕووداو و پێشهاتی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی یان ڕژێمێکی یەکسان ئەزموون دەکەن (برانگارت، ١٩٨٤).
مانهایم چەمکی (نەوە) و (بەرانبەری نەوەکان) و (جوڵەی نەوەکان) و (ئایدۆلۆجیای نەوەکان) لە لایەنی تەواوکاری و ڕەخنەی تیۆرەی چینایەتی و ڕەگەزەکانی توێژبەندیی کۆمەڵایەتیی مارکس وەک (چین، ململانێی چینایەتی، بزوتنەوەی چینایەتی، ئایدۆلۆژیای چینایەتی، و...) لە بواری کۆمەڵناسیی مۆدێرن و بە ناونیشانی بەشێک لە بەرنامەیەکی فراوانتری ئەو بۆ کۆمەڵناسیی مەعریفە و بۆ لێکۆڵینەوەی گەشەی هزریی پارێزگاریخوازی لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا، بەکارهێناوە (ارمکی، ٢٠٠٤: ٣٤).

گرنگترین باس دەربارەی نەوەکان لای مانهایم (یەکێتیی نەوە)یە کە بە مانای گروپی تەمەن- ژیان و فراوانتر لەوەش لەبەرچاو دەگرێت، هەروەها بونی تایبەتمەندییەکانی وەک شوێن و پێگەی پێکهاتەی هاوبەش لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و مێژوییدا، چارەنوس و بازنەی هاوبەش لە سەر بنەمای چینبەندیی ئابوری -کۆمەڵایەتی و شوناسی وەکیەک و هۆشیاری لە سەر بنەمای ئەزمونی هاوبەش (ادهمی و دیگران، ٢٠١٥: ١٢٧). مانهایم دەڵێت: وەختێک دەربارەی نەوەکان قسە دەکەین لە واقعدا دەربارەی مێژوی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دەدوێین، تایبەتمەندیی نەوەیەک کە بەرهەمی واقیع و ئەزمونی نەوەکەیە بە درێژایی سەردەمی گەنجی، لەسەر کردار و بیرکرنەوەی دواتری کاریگەری دادەنێت (سهراب زادە، ٢٠١٣: ٣٧). مانهایم تیۆرەکەی خۆی دەربارەی نەوەکان بە جەختکردنەوە لە سەر ماهیەتی کۆمەڵایەتییان و چەمکی خولی ژیان ( Life course) بونیادنا.

مانهایم هیچ شتێکی بەڕونی دەربارەی تەمەنێک، کە تیایدا نەوەیەک دەست بە پێگەیشتن دەکات، نەوتووە؛ بەڵکو بڕوای وابو، قۆناغی تەمەنی ١٧- ٢٥ ساڵی، قۆناغ و ساڵی دروستبونی نەوەیەکە (مانهایم، ١٩٥٢: ٣٦١). مانهایم پێیوایە ململانێ لەنێوان نەوەکان، بەتایبەتی ململانێی نێوان نەوەی گەنج و نەوەی تەمەن مام ناوەند، ململانێ لەنێوان دوا نەوە و نەوە گەورەکان و بەساڵاچوان، بۆ جیاوازییەکانیان لە هزر و بەرژەوەندی و بەها و مەیل و ئاراستەکانی نێوان ئەو نەوانە دەگەڕێتەوە. جیاوازیی تەمەن هۆکارێکە بۆ دروستبونی کەلێن و جیاوازی لەنێوان نەوەکاندا، چونکە بێگومان خولیا و ئارەزوی گەنجەکان لەگەڵ گەورەساڵاندا جیاوازییان هەیە، بەڵام ئەم هۆکارە دەشێت بەپێی جیاوازی لە شوێن و لە هزرینی تاکەکاندا بگۆڕێت، بۆ نمونە لە کۆمەڵگەیەکی کراوە و دیموکراسیدا، خولیای گەنجەکان بەراورد بە نەوەی کۆن دەشێت جیاوازییەکی زۆر گەورە دروست بکات و بیرکردنەوەی جیاواز لە سەر ئاستی شێوازی ژیان و ڕوانینیان بۆ خۆشگوزەرانی و سیاسەت، تا ئەندازەی دابڕان و کەلێن بەرێت، بەڵام دەشێت ئەمە بۆ کۆمەڵگەیەکی نەریتیی وەک ئەوەی خۆمان نەتوانێت بە ئەنجامێکی دروست و زانستیمان بگەیەنێت. هەرچەندە لە ڕوی تەمەنەوە جیاوازیمان هەبێت، بەڵام لە ڕوی بیرکردنەوە و ڕەوشتییەوە جارێکی دیکە لەسەر هەمان مێنتاڵێتیی نەوەی پێشو، خۆمان دوبارە بکەینەوە.

هەر نەوەیەک لە زەمینەیەکی تایبەتی مێژویی و لە ڕوبەڕوبونەوەی لەگەڵ ئەزمون و بیروباوەڕی جیاواز پێدەگات، لەم نێوەندەدا هەستەکان، باوەڕەکان و ڕەفتاری هەر نەوەیەک و شێوازی نوێی کولتور لە پەیوەندیدا بە پێگە کۆمەڵایەتییە باڵادەستەکان بۆ هەر نەوەیەک، دەردەکەوێت (آزادە، ٢٠٠٨: ٤٨). مانهایم بڕوای وایە کە هەر تاکێک، بە بەڵگەی پەروەردەبونی لە کۆمەڵگەدا، لە دو بارودۆخ و تێگەیشتنی دیاریکراودا خۆی دەبینێتەوە: لە لایەک، خۆی لە بارودۆخی ئێستا و پێگەی ئێستادا و لە لایەکی ترەوە، بیر و ڕەفتاری لەگەڵ دۆخی نمونەکانی پێش خۆی و پێشینەکانی خۆی تێدەگات. کۆمەڵگە کاریگەرە بە ئەزمونەکانی ژیانی (بابەتی و خودی)، هەر نەوەیەک و هەر تاکێک(مانهایم، ٢٠١٣ :١١٢). لەم گۆشە نیگایەوە مانهایم بە پێشنیازکردنی گریمانەی ئایدۆلۆژی لەو باوەڕەدایە کە لە ساتێکی دیاریکراوی مێژودا،

هەندێک جار ئەوەی گەنج هۆشیارییەکی ورد بۆ خۆی وێنادەکات و بەو بڕوایە دەگات، کە خاوەنی ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت و جیاوازە.

ئایدۆلۆژیا گوزارشتە لە کۆمەڵێک بیروڕا و تێگەیشتنی پێکەوەبەستراو و پەیوەند پێکەوە، کە ڕەفتاری تاک و گروپە کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکات. بەم پێیە ئەوەی گەنج، بۆ نێوانوەرگرتن لە ئایدۆلۆژیای باڵادەست، دەتوانێت بیروڕا و بەهای نوێ داهێنێت، بەم شێوەیە لە نێوان نەوەکاندا کەلێن دروست دەبێت (Scott and Schuman, 2010: 54).

مانهایم لە بەراوردکردنی بەهاکان لە نێوان نەوەکاندا، لەو باوەڕەدایە بەهای نەوەکانی پێشو بە شێوەیەکی تەواوەتی لەناوناچێت، بەڵکو نەوەی نوێ سەرلەنوێ پێناسەیەکی تر بۆ بەها و هزر و بیروباوەڕەکان و ئایدۆلۆژیای زاڵ دادەڕێژێتەوە. بە واتایەکی تر، بەهاکان لە ڕوانگەی نەوەی نوێدا لە یەک کاتدا گۆڕاوی پاشکۆ و گۆڕاوی سەربەخۆیان لەخۆگرتووە. واتە لە پەیوەندیدا بە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و بونی ڕژێمی بەهای جێگیر، وەڵامی کەناڵیزەکردن و دیاریکراوی تاک و بونیادەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و بنەمایی بۆ نوێگەریی بەهاکان، دەداتەوە (معیدفر و دیگران، ٢٠١١: ٤٨).

## ٢.٣ تیۆری نایەکسانی (پییەر بۆردیۆ)

وا دەردەکەوێت بۆردیۆ، وەک کۆمەڵناسێک، کەمترین قسەی لە سەر نەوەکان کردبێت، بەڵام ئەزمونی کەسیی خۆی و ژیان لە ناو دۆخی ململانێکان لە کۆمەڵگەی فەرەنسی و ئەو ململانێیانەی لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و ژیانی زانکۆیدا، باشتر لە هەموان هۆکار و کاریگەرییەکانی ئەم ململانێ و جیاوازیانەی بینیێت و درکی کردبێت. بۆردیۆ بابەتی نەوەکان لە چوارچێوەی نایەکسانی و ململانێی کۆمەڵایەتیدا شیدەکاتەوە. ئەو بە پێچەوانەی ڕێچکەی زەینیی مانهایمەوە بۆ نەوەکان، بە ڕێچکەی بابەتی، بە لێکۆڵینەوەی پەیوەندیی نەوەکان لەسەر بنەمای شوێنی ستراتیجی و سەردەمی هەر نەوەیەک لە پەیوەندیدا بە کۆمەڵێک سەرچاوە و خەباتی نەوەکان بۆ سودوەرگرتن و پاوانخوازی لە سەرچاوەی ناوبراو، دەکۆڵێتەوە. سەرچاوەیەک، لەڕاستیدا بەرهەمی هەلومەرجی مێژوویی هەر نەوەیەکە و دەستگەیشتن و بەهرەبردن لەو پێداویستیانە، جۆرێک لە شوناس و هاوبەندیی نێوان نەوەکانە، کە لە لایەن نەوەیەکەوە لە بەرامبەر نەوەیەکی تردا بەدەستدێت (Terner, 1998: 302). بۆ ئەوەی نەوەیەک ئیرادە و توانای بڕیاردان و سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت، پێویستە سەرمایەیەکی ڕەمزی بۆ خۆی بونیادبنێت.

بۆردیۆ لەو باوەڕەدایە، تاک لە سەر بنەمای بینای هزری تاکایەتیی خۆی لەژێر کاریگەریی فەزای کۆمەڵایەتی بڕیاردەدات و جیهان و فەزای کۆمەڵایەتیی خۆی دەبینێت؛ لە سەر ئەو بنەمایە کارەکانی ئەنجام دەدات. شێوازی دانیشتن، جل لەبەرکردن، شێوازی ژیان، باوەڕ و ڕوانینەکانی، پابەندی و پەیوەستییەکانی، بە پەیڕەویکردن لە کولتوری نوێ یان نەریت، هەموی ڕەنگدانەوەی بینای هزریی خۆیەتی. بینای هزری، هەمیشە بەردەوامە و شیاوی گۆڕانە (ریتزر، ٢٠٠٧: ٧٢٢ ـ ٧٢١).

بۆردیۆ لە بابەتی نەوە، پەیوەندیی نەوەکان، ململانێ و بەرانبەریی نێوان نەوە جیاوازەکان، لە مەیدانە کۆمەڵایەتییەکان، ژیانی زانکۆیی، سیاسەت، ئەدەبیات، هونەر و ...هتد، کۆڵیوەتەوە. ئەو، ململانێی نێوان نەوەکانی وەک زۆرێک لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی تر، لە چین و سیستمی توێژە کۆمەڵایەتییەکان، یان بە گوزارشتی خۆی لە سیستمی دەسەڵات و نایەکسانی، بە سەربەخۆ دانانێت و جیای ناکاتەوە، بەڵکو لە چوارچێوەی نابەرانبەری و ململانێی کۆمەڵایەتی بە توێژینەوەی پەیوەندی و ململانێی نەوەکان لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ئابوری و هزری و کولتوری لێیدەڕوانێت.

بە دیدی بۆردیۆ، کەلێنی نێوان نەوەکان، کەلێنێکی ئاسۆیی بووە و لە مەیدانە کۆمەڵایەتییە جیاوازاکاندا دەردەکەوێت. (نیکخوا، ظهیری نیا، ٢٠١٨: ٢٩٦). بۆردیو ئەوە ڕوندەکاتەوە خەڵکانێک کە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی، تا ئەندازەیەک وەکیەکدا، دەژین، لێکچونی زۆریان لە نێواندا هەیە، هەتا ئەگەر هەرگیز یەکتریش نەبینن، ئەزمونی ژیانیان لەیەک دەچێت، ئەوان سیستمی بەهایی وەکیەک و شێوازی ژیانی وەکیەکیان هەیە. بە گوزارشتێکی تر خەڵکانێک کە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا دەژین، ئارەزو و مەیلی وەک یەکیشیان هەیە (گیبینز و بوریمر، ٢٠٠٢: ١١٧).

بۆردیۆ ئەوە دەستنیشان دەکات کە فەزای شوێنی کۆمەڵایەتی بە هۆی دوو بنەمای جیاواز و پێکەوە بەستراو، واتا سەرمایەی ئابوری و سەرمایەی کولتوری، دروستدەبێت. دابەشکردنی ئەم دو سەرمایەیە دەستنیشانکەر و ناسێنەری جیاوازییەکانە کە نەخشەی بنەڕەتیی کەلێن و ململانێی لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا چەسپاندوە و پارێزگاری لێدەکات (استونز، ٢٠١٣: ٣٣٩). سەرمایەی ئابوری وەک هۆکاری سەرەکی لە دروستبونی کەلێن لە نێوان نەوەکاندا و ئەو ململانێ زۆرانەی کە دروستدەبن لای بۆردیو بە گرنگییەوە دەخرێتە بەر سەرنج، هۆکاری ئابوری کە لە دەستنیشانکردن و دەرخستنی ئارەزو و سەلیقەی تاکەکاندا ڕۆڵ دەبینێت، دەبێتە هۆکاری جیاوازیی نەوەکانیش. بێگومان ئەوەی لە دیدگەی بۆردیۆوە خاڵێکی بنەڕەتی و جەوهەرییە سەبارەت بە جیاوازی و بەرهەمهێنانەوەی جیاکاریی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی بەرچاو پەیوەندیدارە بە بابەتی کەلێن و جیاوازیی نەوەکانەوە، سەرمایەی کولتورییە؛ وەک فۆڕمێک لە کەلێن خستنە ناو نەوەکان. بۆردیۆ سەلیقەی (کردارێک کە پێگەی تاک لە سیستمی کۆمەڵایەتیدا دیاریدەکات)تاک بە نانخواردنەوە دەبەستێتەوە و لەگەڵ تێبینیکردنی سەلیقەی جیاواز لە کولتوری تاکدا لە پەیوەندیی بە چێژەوە، نیشاندەدات، لەو باوەڕەدایە لە ڕێگەی بەکاربردنی سەلیقەوە تاک بەشێوەیەکی کردارەکی چینبەندی دروستدەکات (توحیدفام و امیری، ٢٠٠٩: ١٥٤).

پاشان بۆردیۆ شێوازی ژیان و چێژ و سەلیقەی خەڵک وەک سەرمایەیەکی کولتوری بۆ ڕەواجپێدانی جیاکاری و بەرهەمهێنانەوەی لە دروستکردنی چینایەتی و کەلێنی نێوان نەوەکانیشدا دەخاتەوە بەرچاوان. ئەو تاکانەی لە قۆناغێکی ژیانیاندا بەهۆی گرنگیدان بە بەها کولتورییەکان و خۆبەستنەوە بە نەریت و خواستی گروپ لە کۆمەڵگەدا، زیاتر سەرمایە ڕەمزییەکان کارتێکەر دەبن، بەڵام لە دنیای مۆدێرندا کولتور دەتوانێت پێگەی تاک بگۆڕێت و پۆلێنبەندی لە کۆمەڵگەدا بەدی بهێنێت. بۆ نمونە گرنگیدانی تاک بە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp292-302

شێوازی نانخواردن و پۆشین و مۆدێلە باوەکان، دەتوانن پێگەی تاک لە کۆمەڵگەدا لەوانی تر جیابکاتەوە، یاخود چێژبینین و گرنگیی کەسێک بۆ فۆرمێک یان ژانرێکی موزیک، شێوازی ژیانی دیاری دەکات.

ئەمڕۆ گەنجان لە ژێر کاریگەری کولتووری بەجیهانیبوودا شێوازی جۆراو جۆر دەگرنەبەر بۆ خواست و ئارەزووەکانیان، کەمتر چاو لە شێوازە کۆنەکان دەکەن ئەو شێواز و فۆرمە ژیانەی کە نەوەی کۆن بەڕێیان کرد. بۆردیۆ لە پەیوەندیدا بە ململانێی نەوەکانەوە بڕوای وایە کە داخوازی نەوەکان لە پەیوەست بە هەلومەرجە جیاوازەکانی بونیادی دابەشکردنی تواناکان و دەستگەیشتن بەو توانایەنە شێوە دەگرێت. زۆرێک لەو هەلانەی کە ئەمڕۆ لە دەستی گەنجەکاندا هەیە، لە ڕابردوودا لە چوارچێوەی سەرچاوە دەگمەنەکاندا هەژماردەکران (قاضی نژاد،٢٠٠٤: ١٢٧).

بۆردیۆ سەرچاوەی ململانێی نێوان نەوەکان لە دابەشکردنی نابەرانبەری سەرمایە جیاوازەکان لە مەیدانە کۆمەڵایەتییەکان و کردەی دەسەڵاتی ئابوری، کولتوری و ئایدۆلۆژی گەورەساڵان بۆ گروپی تەمەنی خوارتر دەزانێت (استونز، ٢٠٠٠: ٣٤٤). جیاوازی و کێشەی نەوەکان لای بۆردیۆ پەیوەندیدارە بەکایەی کولتورەوە. کولتور لای بۆردیۆ، بەتایبەت جەختکردنی مەسەلەی ململانێی نێوان نەوەکان، بۆ هاوبەشی و وەکیەکیی خواست و خولیاکان لای نەوەیەکی هاوتەمەن و نزیک لەیەکتر دەگەڕێتەوە، بزوێنەری ئەم دیدگەیەش بۆ سەرمایەی کولتوری و ڕەمزی کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە. سەرمایەی ڕەمزی لەگەڵ چەمکی هێز و دەسەڵاتدا یەکدەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی مەیدانە جیاوازەکان بە دیدی بۆردیۆ، لە لایەن گەورەکانەوە دەستیان بەسەرداگیراوە؛ بەهۆی ئەو دەسەڵات و سەرمایە ڕەمزییەی کۆمەڵگە پێیداون، گەنجانیش دەکەونە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی هێز بۆ ڕزگاربون لە هەژمونی گەورەکان، لە ئەنجامدا ململانێ دێتەکایە.

بە بڕوای بۆردیۆ ئەمە تەنها خەسڵەتی کۆمەڵگەی نوێ نییە، بەڵکو بە گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگە لە سەردەمی ڕابردودا هەمان هەوڵ دەبینین، ئەم ململانێیە ڕەگی دورتری هەیە. لە لایەکی ترەوە بۆردیۆ جیاوازی و بۆشایی نێوان نەوەکان بە هۆکاری چینبەندیی کۆمەڵگە دەبەستێتەوە. هەڵبەت لە دیدگەی بۆردیۆدا تەنها ئابوری ڕۆڵی لە دروستکردنی چینایەتی و جیاوازیی چینایەتیدا نییە، بەڵکو بە ئەندازەی ئابوری، هۆکاری کولتوریش ڕۆڵی هەیە؛ ئەو جەخت لە هەلی خوێندن و پەروەردە و نابەرانبەری و نایەکسانی لە سامان و دەسەڵاتدا دەکات، کە هۆکارن بۆ ئەو جیاوازییە، هەروەها ڕێکخستنی کایە و مەیدانەکان و نەبونی هەلی وەکیەک بۆ هەژاران لە مەیدانە جیاوازەکاندا. لەم بەستێنەدا بۆردیۆ دەنوسێت: لەبەرئەوەی هەلی وەکیەک بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە نارەخسێت، کۆمەڵگەش ناتوانێت وەڵامگۆی داخوازی و چاوەڕوانییەکانی چینە جیاوازەکان بێت، سەرەنجام گرفت و قەیرانی دەرونی و کۆمەڵایەتی لای چینەکانی خوارەوە، بە تایبەتی گەنجان، دروست دەبێت (بۆردیۆ، ٢٠٠١: ٦٩).

ئاشکرایە کە هۆکاری سەرەکیی ململانێ و ناکۆکیی چینەکان لای بۆردیۆ، بۆ دابەشکردنی نابەرانبەریی سەرمایە جیاوازەکان لە مەیدانە کۆمەڵایەتی و کولتوری و ئابورییەکاندا دەگەڕێتەوە. لەبەرئەوە لە نێوان پێگە کۆمەڵایەتییەکان و هەلومەرجی زهنیی مەیدانە کۆمەڵایەتییەکاندا، پەیوەندییەکی چڕوپڕ دەبینێ و بڕوای وایە کە هەر ناسازگارییەک لە نێوانیاندا قەیرانی سیاسی، گۆڕانی بونیادی و شێواز و بیرکردنەوە و دیدگەی نوێ دەهێنێتە کایەوە، ئەمەش زیاتر لای گەنجان و نەوەی نوێ دەردەکەوێت، کە ئامانجە زهنییەکانیان لەگەڵ هەلی پێکهاتەی کردەیی بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا لە دژایەتی و دابڕانی ئاشکرادایە (استونز، ٢٠٠٠: ٣٤٤). لە تیۆرەکەی بۆردیۆدا ئاراستەی بیرکردنەوەی ئایدیا و زهنیەتی گەنجان دەچێتە پەیوەندییەوە لەگەڵ زەوق و ئارەزووەکان بە تایبەت لە کتێبی (جیاوازی)دا (Bourdieu, 1984 :31 ).

### ٣.٣ نەریت و نوێگەری (ئەنتۆنی گیدێنز)

تیۆری ململانێی نەریت و مۆدێرنە، تێزی کۆمەڵناسی هاوچەرخی ئینگلیزی ئەنتۆنی گیدێنزە، دەشێت وەک نوێترین دیدگەی سۆسیۆلۆژی بۆ پەیوەندی و ململانێی نێوان نەوەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. ئەم تێزە جەخت لەوە دەکات لە دنیای هاوچەرخدا گۆڕانکاریی خێرا و تیژڕۆ دێنە کایە، ئەم گۆڕانکارییانە ڕاستەخۆ و بێ دودڵی گۆڕان لە بیر و ڕەفتاری تاکدا دروست دەکەن. هەر گۆڕانێکیش لە هەر ئاستێکدا ڕوودەدات یان خواستێک هەبێت بۆ گۆڕان، ئەوا خواستێکی دیکە بەرهەڵستی و بەرەنگاریی دەکات، ململانێی کۆن و نوێ، نەریت و مۆدێرنەش بۆخۆی دەچێتە ناو چوارچێوەی ئەو ململانێ گشتگیرەی لەسەر بونیادی عەقڵیی مرۆڤ دروست دەبێت، کە پێشینەیەکی دورودرێژی لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤدا هەیە. تیۆرەکانی ململانێ و جیاوازییەکان ڕیشەکەی لەگەڵ بونی مرۆڤدایە، بەڵام وەک تیۆرە و لە چوارچێوەی ڕشتەی زانستی و بونیادی تیۆرییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی نزیک، بەتایبەت لە پەیوەندیدا بە ململانێ چینایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا.

لە ناو بواری  سۆسیۆلۆژیشدا چەندین تیۆری و ئایدیای جیاجیا دروست بوون، ئەمانیش تیۆری ململانێی چینایەتیی مارکسیان تەبەنی کرد و لێکۆڵینەوەیان دەرهەق بەم بوارە ئەنجامدا، تێز و تیۆرەی نوێیان لە هەناوی تیۆرەکەی مارکسدا دروستکرد. تا ئەمڕۆش لە ئاستی جیاجیادا ئەم تیۆریە کارایی خۆی پاراستووە، لەم بەستێنەدا و لە پەیوەندیدا بە ململانێی نەوەکان و ئەگەری دروستبونی کەلێنی نێوان نەوەکان، دەشێت گیدێنز کۆمەکێکی باشمان بکات بۆ تێگەیشتن لە ململانێ و کەلێن لە نێوان دنیای مۆدێرن و نەریت لە کۆمەڵگەدا. لە دنیای مۆدێرندا، هەمومان نەک تەنها پەیڕەوی لە شێوازێکی ژیانی دیاریکراو دەکەین، بەڵکو بە گوزارشتێکی تر کە گرنگیی خۆی هەیە، ناچاری پەیڕەویکردنی ئەم شێوازە ژیانەین، لە ڕاستیدا هەڵبژاردنی ترمان جگە لەوە، لە بەردەمدا نییە (گیدنز، ٢٠١٤، ١٢٠).

توێژینەوەی گیدێنز بۆ نەوەکان و جیاوازیی نەوەکان لەسەر بنەمای گەڕانەوەیە بۆ کات. ئەو پرسی نەوەکان وەک هەمو نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی تر کە بە درێژایی کات دروست دەبن، لەبەرچاودەگرێت. لە تێڕوانینی گیدێنزدا جیاوازیی نێوان نەوەکان لە واقیعدا جۆرێک لە هاتنەکایەی ژنانە بۆ کۆمەڵگە پێش مۆدێرنەکان، واتە هەر نەوەیەک لە واقیعدا جۆرێک لە هاتنەکایەی گروپێک لە مرۆڤەکانە کە ژیانی تاکایەتیی خۆی لە بەشێک لەو گروپەوە بەدەستدەهێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە سەدەی نوێدا چەمکی

نەوەکان تەنیا لە پێشزەمینەی کاتێکی دیاریکراودا مانا بە خۆی دەبەخشێت (ارمکی، ٢٠٠٤ :٣١). بە دیدی گیدێنز جیاوازی و ململانێی نێوان نەوەکان لە واقیعدا جۆرێک لە حسابکردن و پەیڕەیکردنی کات (زەمەن)ە لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا، هەر نەوەیەک جۆرێک لە حسابکردنی تیرەیەکە لە مرۆڤەکان کە ژیانی تاک لە بەشێک لە گواستنەوە کۆمەڵیەکاندا جێگە دەگرێت. زۆر بەسادەیی دەشێت کات و قۆناغی تەمەن، تێگەیشتنمان بۆ جیاوازی و بۆشایی دو نەوە نیشان بدات، کات وەک قۆناغی گۆڕانکاری لە بیر و ئایدیادا ڕۆڵ دەبینێ؛ قۆناغێک بە نەریتی ناودەبرێت و قۆناغێکیش بە مۆدێرن. بەم شێوەیە لە سەردەمی نوێدا، چەمکی نەوە هێواش هێواش لە بەرامبەر پێشزەمینەی کاتی خۆیدا واتا پەیدا دەکات (گیدنز، ٢٠٠٩: ٢٠٧).

بە تێڕوانینی گیدێنز نەوەکان لە کۆمەڵگەی نەریتی و مۆدێرندا جیاوازییان هەیە؛ لە کۆمەڵگەی نەریتیدا، هەر نەوەیەک بە پێوەری شایان بەشێوەی ژیانی پێشینەکانیان سەرلەنوێ بە شێوەیەکی تازە دەستپێدەکاتەوە (احمدی، ٢٠١٩: ١٥)، بەڵام لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا تاکەکان یاخود نەوەی نوێ، هەرگیز گرنگی بە قۆناغی پێشینەکان نادات، بەڵکو هەوڵی تێپەڕاندنیان دەدات، بە هیچ جۆرێک نایەوێت ئاوڕ بۆ دواوە بداتەوە، ئەم ئاراستە بەراوردکارییە لە نێوان دو کاتیگۆریی دژبەیەک، کە بریتین لە نەریت و مۆدێرنە، کرۆکی گۆشەنیگای گیدێنز پێکدێنێت بۆ بابەت و کێشەی کەلێنی نەوەکان. لە کۆمەڵگەی ئەوروپیدا، کە توێژگەی لێکۆڵینەوەکانی گیدێنزە، ئەم دژیەکییە لە ئاستی سیاسی، ئایدۆلۆژی، کۆمەڵایەتی و کولتوریدا تەواو هەستپێدەکرێت.

بۆ نمونە دیدگەی گەنجان بۆ پرسە سیاسییەکان جیاوازیی بەرچاوی هەیە لە دیدگەی سیاسییە کۆنەکان بۆ پرسەکانی وەک ئازادی، مافەکان، ڕەیسیزم، ژینگە و پاشان پرسی هەڵبژاردن و ...هتد. هەروەها لە ڕووی کولتوریشەوە دیسان گۆڕان و جیاوازیی زۆر بەدی دەکرێت، کرانەوە و جیهانگیری سنورە کولتوری و هونەرییەکانی تا ئەندازەیەکی زۆر لای نەوەی نوێ کاڵکردۆتەوە. بەمەش گەنجان و نەوەی نوێ، کەم تا زۆر، لە ئاستە گلۆباڵەکەیدا خواست و خولیاکانیان لێک نزیکە و سنورەکانی تێپەڕاندووە. ئەمەش هاوهەڵوێستی و کۆڕەفتاریی لە نێو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و گەنجاندا هێناوەتە کایە. گیدێنز زیاتر بە ئاراستەی پێدراوە ڕەوشتییەکانی تایبەت بە نەوەکان و گروپە تەمەنجیاوازەکان، شرۆڤەی پەیوەندی و کێشەکانی دابڕان و کەلێن لە نێوان نەوەکاندا دەکات. بە بڕوای گیدێنز لەبری ئەوەی لە سەردەمی نوێدا باس لە داڕمانی ئەخلاقی بکەین، باشتر و لۆجیکیانەیە باس لە سەردەمی ئەخلاق بکەین لە دۆخی گواستنەوەدا.

جیاوازیی نەوەکان، لە دیدگەی گیدێنزدا، لەسەر کاتیگۆریی جیاوازی لە نێوان نەوەی ئەمرۆ و نەوەی دوێنێ بۆ تێگەیشتن لە ڕوانگەی ئامانجەکان، بەهاکان، ئایدیاکان، باوەڕەکان و شێوازی ژیان دەگەڕێتەوە؛ لە هەمو ئەم ئاستانەدا جیاوازی بەدیدەکرێ. گیدێنز سەرچاوەی ئەم ململانێ و ناکۆکیانەش بۆ جیاوازی لە نێوان دنیای مۆدێرن لەگەڵ نەریت دەگەڕێنێتەوە، واتە ئاریشەیەک لە نێوان مۆدێرنە و نەریتدا هەیە دەگۆڕێت بۆ ململانێ، ئەمەش بە پلەی یەکەم لەگەڵ هەلومەرجی گۆڕانەکاندا هاوتەرزە، چونکە بە بڕاوی گیدێنز مۆدێرنە بریتییە لە گۆڕان، هەروەها لە پرۆسە و ڕەوتی بەجیهانی بوون و گۆڕانی بەردەوامی نەریتەکان. بەربنەمای ئەمەش مۆدێرنە هۆکارە لەوەی تاکەکان هەرچی زوتر لە کۆت و بەندی نەریت و بەها باوەکان خۆڕزگار بکەن، ئەو بەها و نەریتە باوانەی کۆمەڵگە بەسەریدا سەپاندوون، کە لەگەڵ دیدگە و خواستی نەوەی نوێدا ناگونجێت.

لەبەرئەوەی مۆدێرنە بریتییە لە گۆڕانی بەردەوام، پاشان لە بەستێنی بەجیهانیبونی ئەو کولتورە نوێیەی سنورەکان دەبەزێنێ و لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا و تۆڕەکانی ڕاگەیاندنی جیهانییەوە بە خێراییەکی لە ڕادەبەدەر بۆ نێو کۆمەڵگە نوێکان دەگوازرێتەوە، ئەوا نەوەی نوێش بەهاکانی دەگۆڕێت، چونکە ئەم نەوەیە زیاتر لە نەوەکانی پێشخۆی بەرکەوتە و کاریگەرە بەو گۆڕانکاریانە. هەروەها گیدێنز زۆر جەخت لە چەمکی ڕەنگدانەوە دەکات، کە ئەمەش بریتییە لە دوپاتکردنەوەی بیرکردنەوەی تاک لە کۆمەڵگەدا، سەبارەت بە هەلومەرج و شێوازی ژیان، ئەم چەمکە بە بڕوای ئەو یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ڕەوتی مۆدێرنە و شوناسی مرۆڤی نوێیە، لە سەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە، گەنجان و نەوەی نوێ لە کۆشش و هەوڵەکانیان بۆ ژیانی خۆیان و مامەڵە و ڕەفتاریان، دەیانەوێت شوناسێک بە خۆیان بدەن (گیدێنز، ٢٠٠١ : ٤٦).

ئەو بارودۆخەی گەنجان دەکەونە ناوی، لە ژێر هەژمون و کاریگەریی سیستمی سەرمایەداری و پرۆسەی بە مۆدێرنبونی کۆمەڵگە و گلۆباڵیزەیشن لە ئاستە ئابوری و کولتورییەکەیدا، کاریگەرە لەسەر بیرکردنەوەی گەنجان بۆ شێوازی ژیان و کۆشش بۆ خوشگوزەرانی و باشترکردنی بارودۆخی ژیانیان، ئەم ڕەوتەش بەدینایەت ئەگەر هەوڵی دەربازبون نەدەن لەو دۆخە باوەی کە نەریت و بەهاکان دەیسەپێنن. هەمو سەپاندن و مانەوەیەک لە دیدی گەنجانەوە ڕێگرە لە بەردەم خولیا و ئارەزووەکانیان، بەربەستە لەبەردەم مەیلەکان بۆ ژیانێکی باشتر. ململانێی نەریت و مۆدێرنە پرۆژە فکری و دیدگە سۆسیۆلۆجییەکەی گیدێنزە لەمەڕ هەلومەرجە گشتییەکانی ژیانی خەڵک، چ لە پرۆسە سیاسی و هەژمونییەکاندا، چ لە پرسە کۆمەڵایەتی و ژیارییەکاندا.

### ٣. ٤ ئاڵوگۆڕی بەهاکان (ڕۆناڵد ئینگلهارت)

ڕۆناڵد ئینگلهارت، وەک زۆربەی بیرمەند و کۆمەڵناسەکانی تر، لە تیۆرەکەی خۆیدا بەناونیشانی (ئاڵوگۆڕی بەهاکان)، توێژینەوەی دەربارەی دابڕان و کەلێنی نێوان نەوەکان ئەنجامدا. ئەو جەختی کردە سەر گۆڕان و ئاڵوگۆڕی بەهاکان لە ڕەوتی جێگرتنەوەی نەوەکاندا. بە بڕوای ئەو پێشینەی بەهای تاک لەژێر کاریگەریی ئەو ژینگە ئابوری و کۆمەڵایەتییەدا، کە ئەوی بە درێژایی ساڵەکانی پێش لە پێگەیشتنی بەسەری بردووە، شێوە دەگرێت. لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی ژینگەیی، ئەولەویەتی بەهای نەوەی گەنج لەگەڵ نەوەی پێشوتری جیاوازی دروستدەکات (قنبری، ٢٠٠٩: ٦). ئینگڵهارت دیاردەی چەند کولتوریی کۆمەڵگە جیاوازەکان کۆدەکاتەوە و هەمویان لە پەیوەندیدا بە بەرهەمی نەوەکان، کات و تەمەنەوە شرۆڤە دەکات. ئەو دەڵێت: گۆڕانی بەهاکان ڕەوتێکە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەردەکەوێت، نەک بە شێوەیەکی بەردەوام لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر (یوسفی، ٢٠٠٦: ٤٢).

ئینگڵهارت گۆڕانە کولتورییەکان لە ژێر ڕۆشنایی گۆڕانکاریی نەوەکاندا شرۆڤە دەکات. ئەو بۆ لێکۆڵینەوەی گۆڕانی کولتوری، هەردو گریمانەی ناوازەیی (دەگمەنی) و (کۆمەڵایەتیبون) دەخاتەڕو. بە پێی گریمانەی ناوازەیی، پێداویستییە سەرەکییەکانی تاک، ڕەنگدانەوەی ژینگە ئابوری- کۆمەڵایەتییەکانیانە. بەربنەمای گریمانەی (کۆمەڵایەتیبون)یش بەها سەرەکییەکانی تاک، ڕەنگدانەوەی بارودۆخێکە کە لە ئەنجامی پێگەیشتنی لە ساڵانی پێشتردا بۆی فەراهەم بووە. لە کاتێکدا گریمانەی ناوازەیی لە هەوڵی ئەوەدایە کە ڕەونەق و گەشەی ئابوری لەگەڵ گەشەکردنی بەها نامادییەکاندا بگونجێنێت. گریمانەی کۆمەڵایەتیبوون دەیەوێت ئەوە نیشان بدات کە نە بەها تاکییەکان و نە بەها کۆمەڵییەکان، بەشێوەیەکی کتوپڕ و خێرا گۆڕانیان بەسەردا نایەت. بە پێچەوانەوە گۆڕانی بەهاکان پلەپلە و بە شێوەیەکی لەسەرخۆ ڕودەدات. ئەم گۆڕانکارییە، بە شێوەیەکی فراوان، کاتێک ڕوودەدات کە نەوەیەکی گەنجتر شوێنی نەوەیەکی بەتەمەنتر بگرێتەوە، لە کۆمەڵگەیەکی بەساڵاچودا (اینگلهارت، ٢٠٠٣ :٧٦-٧٧ ).

بەپێی تیۆرەکەی ئینگڵهارت دەتوانین بڵێین کە هۆکاری سەرەکی بۆ گۆڕانکاری لە شێوازی ژیان، نە گۆڕانی ئابورییە، نە ڕێژەی گەشەی خۆشگوزەرانی، بەڵکو شوێنگۆرکێی نەوەکانە (رشیدی و دیگران،٢٠١٦: ١٨٠). ئینگڵهارت لە کتێبی (گۆڕانی کولتوری لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوی پێشەسازی)دا، بەو بڕوایە دەگات کە نەوەی کۆن و بەساڵداچو لە بەرامبەر گۆڕانکارییەکاندا زیاتر بەرگری دەکەن، لە بەرامبەردا گۆڕان و ئاڵوگۆڕ لە نێوان گروپی گەنجاندا بە ئاسانتر شێوە دەگرێت، بەم شێوەیە لەگەڵ گۆڕان و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیدا جیاوازیی نێوان نەوەکان سەرهەڵدەدات و کە تیایدا زۆرجاران بە ململانێ یان کەلێنی نەوەکان گوزارشتی لێدەکرێت (انگلهارت، ١٩٩٤: ١٩-٢٠). هەروەها ئینگڵهارت لەو کتێبەیدا، چوار گریمانەی بنەڕەتی دەربارەی بون یان نەبوی کەلێنی نێوان نەوەکان دەخاتەڕو.

١. گریمانەی سوڕی ژیان: جیاوازیی نەوەکان یان جیاوازیی بەهاکان لای گروپە تەمەن جیاوازەکان، کارێکی سروشتی و پەیوەندیدارە بە ویستە دەرونییەکانی هەر دەورە یان قۆناغێکی ژیان و جیاوازی لە بەهاکاندا پەیوەندیدارە بە ویستەکانی هەلومەرجی تەمەنەوە.

٢. گریمانەی خولیی: جیاوازی نەوەکان پەیوەستە بە ڕەوتی لەسەرخۆی گۆڕانی بەهاکان لە هەمو گروپە تەمەنیەکان لەگەڵ هەندێک جیاوازی لەگەڵ یەکتر و هەروەها ئەنجامی چاکسازی بنەڕەتی لە بونیادی ئابوری و کۆمەڵایەتی و گۆڕانی هەلومەرجی ژیان. هێواش هێواش گۆڕان لە بەهاکاندا ڕودەدات و تاکەکان لە ڕەوتی گۆڕانی بەهاکاندا لەگەڵ نزیکی و دورییان لەو بەهایانەوە، دەگۆڕێن.

٣. گریمانەی گروپی تەمەن: جیاوازیی نەوەکان سەرچاوەکەی لە جیاوازیی بەهاکانی نەوەی نوێ لەگەڵ بەهاکانی نەوەی پێشووە، کە بە هاتنی نەوەی نوێ بۆ سەر شانۆی ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە، بەهای نوێ دەبنە جێگرەوەی بەها کۆنەکان.

٤. گریمانەی لێکدراو: جیاوازیی نەوەکان سەرچاوەکەی لە سوڕی ژیان، ویستەکانی تەمەن و گۆڕانی بونیادی لە بەهاکانی هەمو گروپەکانی تەمەن لەگەڵ هەندێک جیاوازی لەگەڵ یەکتر و هەروەها لەگەڵ گۆڕان لە بەهاکانی نەوەی نوێ، دەبنە جێگرەوەی بەهاکانی نەوەی کۆن (انگلهارت، ١٩٩٤).

دیدگەی ئینگڵهارت بۆ بابەتی پەیوەندی یان دابڕانی نەوەکان، لەسەر بنەمای تێگەیشتن، هەروەها خواستیانە بۆ بەهای ماددی و بەهای نامادی، ئەو بڕوای وایە نەوەکان لە دوای جەنگ زیاتر گرنگی بە بەها نامادییەکان دەدەن وەک لە بەها ماددی و ئابورییەکان، چونکە تا ئەندازەیەک لە ئارامی و ئاسایشی ئابوریدا سەقامگیرن. ئەم نەوەیە زیاتر گرنگی بە جۆری ژیان و ڕێز و پێگەی کۆمەڵایەتی و بەها ڕەفتارییەکان دەدەن، بەدوای ژیانێکی ڕێزلێگیراو و شایستە بەخۆیان دەگەڕێن. جەختی سەرەکیی ئینگڵهارت لەسەر دیاردەی گۆڕانی بەهاکانە، بەتایبەت لە دنیای نوێدا، ئەو گریمانەیە دەخاتەڕو کە گۆڕان لە بەهاکان لای نەوەی نوێ تەنها پابەندی گۆڕانە کومەڵایەتی و ئابورییەکان نییە، بەڵکو هەمو گۆڕانێک لە بەهاکاندا لەژێر کارکردی گۆڕانە کەلتورییەکاندا دێتە پێشەوە، بەم شێوەیە ڕەنگدانەوەی لەسەر گۆڕانی دیدگە و جیهانبینیی نەوەکانی دروستدەکات. ئینگڵهارت بە چەمکێک گوزارشت لەم هاوکێشەیە دەکات، ناوی دەنێت (جێگرتنەوەی نەوە). لەسەردەمی نوێدا وەختێک گەشەی ئابوری لە چوارچێوەی سیستمی سەرمایەداریی جیهانیدا خێرادەبێت و سەرمایە ڕو لە زیادبون دەکات، بیرۆکەی دەوڵەتی خۆشگوزەران دێتە کایەوە، تەکنەلۆجیا لە ئاستە جیاوازەکاندا پەرەدەستێنێت و پەیوەندییەکان ئاڵۆز و خێرا دەبن.

لەم ڕەوتە تێژڕۆیەدا، گۆڕانی بەهاکانیش خێرا دەبن، هەر گۆڕانێکیش لە بەهاکان کاردەکاتە سەر شێواز و بیرکردنەوەی نەوە جیاوازەکان. ناکۆکی و دژیەکی لە نێوان نەوەی کۆن و نەوەی نوێ، لەمەڕ مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان سەرهەڵدەدات، هەروەها دیدیان بۆ کار، پیشە، ئابوری، کەلتور و بوارەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی تا بە پەروەردە دەگات، چونکە ئایدیای نەوەکان بۆ کێشە و پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکان ئاراستەی جیاواز وەردەگرێت.

## ٤. ئەنجامگیری

تیۆرە کۆمەڵناسیەکان لە بواری کەلێنی نێوان نەوەکاندا، دەروازەیەکی باشمان بۆ دەکەنەوە بۆ تیگەیشتن لە ڕیشەکانی ئەم دیاردەیە، مەعریفەیەکی باشمان بەردەست دەخەن لەسەر مێژوی سەرهەڵدان و گەشەی ئەم دیاردەیە لە چەندین دەیەی ڕابردودا. لەم تویژینەوەیەدا بە بڕی جیاواز لە کاریگەریی ئەم تیۆرانە دواین، گفتوگۆی ئەم تیۆرانە و ڕەخنەکردنیان وەک پێویستیی توێژینەوەکەمان مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. تیۆری مێژووی ململانێی نێوان نەوەکان لای کارڵ مانهایم و بەستەنەوەی بە بونی ئایدۆلۆژیا بۆ دروستبونی هەر ململانێیەک، کاریگەر بە ئایدۆلۆژیا گەورەکان و یەکێتیی نەوەکان، ڕۆڵ دەبینێت لەسەر پێخستنی ململانێ لە نێوان دوو نەوەی جیاوازدا، ئەویش بە خەملێنی هۆشیاری لای نەوەی نوێ، واتە بۆ دروستبونی هەر ململانێیەکی ڕاستەقینە، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر کایە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە هەبێت پێویستمان بە بونی ئاگایی و هۆشیارییەکی ڕاستەقینە هەیە لای نەوەکان، تا کۆمەڵگە بچێتە ئاستێکی باشتر و

هەلومەرجێکی باشتر، هەروەها تیۆری ئاڵوگۆڕی بەهاکان لای ئینگڵهارت کە بەها مادی و نامادییەکان دەکات بە بنەمای گۆڕانەکان لە بیرکردنەوە و ڕەفتاری نەوەکاندا، واتە جێگۆڕکێی بەهاکان پاڵنەرن بۆ دروستبوونی ململانێ و دابڕان لە نێوان نەوەی نوێ و نەوەی بەساڵاچودا، ئەمەش لە ڕوی تەمەن و ئەندێشەوە ئاسۆی تێگەیشتنمان باشتر ڕوندەکەنەوە. هەرچی لای ئەنتۆنی گیدێنزە ململانێی ژیانی مۆدێرن و ژیانی نەریتی، کە هەریەک لەو نەوانە پەیڕەوی شێوازێکیان دەکەن، لە جۆری ژیان و شێوازی ژیانی ڕۆژانەدا ڕەنگدەداتەوە، کەلێنە فکری و ڕەفتاریەکان زیاتر دەردەخات. کۆتا تیۆر، تیۆری نایەکسانیی کۆمەڵایەتیی بۆردیۆیە، لەسەر سەرمایە جیاوازەکان دەوستێت، چ سەرمایەی ئابوری، یان سەرمایەی کولتوری یان کۆمەڵایەتی، دەبنە بنچینەی دروستبونی سەرمایەی ڕەمزی لای هەردو نەوەکە، لێرەشەوە جیاوازیی نەوەکان لە تێڕوانین و مامەڵە و ڕەفتاریاندا، خۆی بەرجەستە دەکات.

## سەرچاوەکان


بەدەوی، عەبدولڕەحمان (٢٠٢٠) چەند لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە فەلسەفەی بونگەرایی، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، سلێمانی: دەزگای ڕوشنبیری جەمال عیرفان.

حافظ. (٢٠٢١). استراتيجيات مواجهة صراع فجوة الأجيال كما تمارسها الامهات بعصر الرقمنة وعلاقتها بالاغتراب الأسري للمراهقين. *مجلة البحوث في مجالات التربية النوعية*,٧(٣٧), ١٤٢٧-١٤٨٦.

مرغاد زينب (٢٠١٣) صراع الأجيال و تأثيره على التماسك الأسري، جامعة محمد خيضر بسكرة، مجلة العلوم الاجتماعية، عدد ٢٣، صص ٨٣-٩٤

آرمکی و غفاری. ١٣٨٣: جامعه‌شناسی نسلی، پژوهشکده علوم انسانی و اجتماعی، چاپ اول، تهران : نشر نی.

ادهمی، جمال، احمدی، یعقوب، و جعفری، ابراهیم. (٢٠١٧). بررسی ترجیحات ارزشی بین نسلی و عوامل اجتماعی موثر بر آن در شهر سنندج. فصلنامه علوم اجتماعی، -(٧٨ )، ١١٧-١٥٦. SID. https://sid.ir/paper/93345/fa

ارمکی، آزاد تقی (٢٠٠٤) جوانان و دگرگونی فرهنگی ارزشی، دومین همایش انجمن جمعه‌شناسی ایران، شیراز: دانشگاه شیراز.

استونز، راب (٢٠١٣) متفکران بزرگ جامعه‌شناسی، ترجمه مهرداد میردامادی، تهران: نشر مرکز.

افضلی، رسول، زارعی، بهادر، احمدی، عباس، و محسنی سهی، سیدضیا (٢٠١٩) تبیین اثرات شکاف نسلی بر هویت اجتماعی-سیاسی دانش آموزان شهر تهران. مجلس و راهبرد، ٢٦(٩٨ )، ٣٠٣-٣٣٥. SID. https://sid.ir/paper/224752/fa

اینگلهارت، رونالد (١٩٩٤) تحول فرهنگی در جامعه پیشرفته صنعتی، ترجمه مریم وتر، تهران: نشر کویر.

بالس، کریستوفر (٢٠٠٦) ذهنیت بین نسلی دیدگاهی روانکاوانه درباره اختلاف نسل ها. ارغنون، -(٣٨)، ٠-٠. SID. https://sid.ir/paper/457866/fa

بیکر، ترز ال (١٩٩٨) نحوه انجام تحقیقات اجتماعی، ترجمه: هوشنگ نایبی، تهران: نشر نی

توحیدفام، محمد (٢٠٠٩) فراسوی کنش و ساختار، تهران: نشر گام نو.

جان گیبینز، بوریمر (٢٠٠٢) سیاست پست مدرنیته، ترجمه منصور انصاری، تهران: گام نو.

رشیدی، سید محمدرضا (٢٠١٦) بررسی وضعیت تغییرهای نسلی سبک زندگی روستاهای مرزی شهرستان مریوان، جامعه‌شناسی سبک زندگی، سال دوم، شماره هفتم، پاییز ٩٥، صفحات ١٦٥-٢٠٥

ریتزر، جورج (٢٠٠٧) نظریه جامعه‌شنای در دوران معاصر، ترجمه محسن ثلاثي، تهران: نشر علمی.

سهراب زاده، مهران (٢٠١٣) جامعه شناسی زهنیت نسلی و بیبن نسلی، تهران: انتشارات سخنوران.

شفرز، بیرنهارد (٢٠٠٤) مبانی جامعه‌شناسی جوانان، ترجمه: کرامت الله راسخ، تهران: نشر نی.

فولادی، محمدی (٢٠٠٩) بررسی جامعه شناختی فاصله نسل ها، معرفت، سال هجدهم، شماره ١٣٩، ١٠٧-١٣٢

قاضی نژاد . مریم (٢٠٠٤) نسل ها و ارزش ها: بررسی و تحلیل جامعه‌شناسی تفاوت گرایش های ارزشی نسل جوان و بزرگ سال، پیان نامه دکتری، دانشگاه تهران.

قنبری، علی (٢٠٠٩) روابط نسلی در ایران به روایت تحقیقات و پیمایش های ملی، تهران: سازمان انتشارات جیهاد دانشگاهی.

گیدنز ، آنتونی (١٩٩٨) تجدد و تشخص، ترجمه: ناصر موفقیان، تهران، نشر نی.

گیدنز، آنتونی (٢٠٠١) مقدمه‌ای بر تحلیل نهادین مدرنیته و مدرنیزم، ترجمه: حسینعلی نوزری، تهران، انتشارات نقش جهان.

گیدنز، آنتونی (٢٠١٣) تجدد و تشخص، ترجمه ناصر موفقیان، تهران: نشر نی.

مانهایم، کارل (٢٠١٣) ایدئولوژي و اتوپیا (مقدمهای بر جامعه‌شناسی شناخت). ترجمه فریبرز مجیدي، تهران: سمت.

محسنی تبریزی، علیرضا، معیدفر، سعید، و گلابی، فاطمه (٢٠١١) بررسی اعتماد اجتماعی با نگاهی نسلی به جامعه. جامعه شناسی کاربردی (مجله پژوهشی علوم انسانی دانشگاه اصفهان)، ٢٢(١ (پیاپی ٤١))، ٤١-٧٠. SID. https://sid.ir/paper/154989/fa

محمودی، میترا (٢٠٠٩) مقایسه نگرش های دانش آموزان سال سوم دبیرستان اهواز با والدین و نزدیک ترین دوستان همکلاسی آنان، تهران: انتشارات جیهاد دانشگاهی.

معیدفر، سعید (٢٠٠٤) شکاف نسلی یا گسست فرهنگی: (بررسی شکاف نسلی در ایران). نامه علوم اجتماعی، ١١(٤ (پیاپی ٢٤))، ٥٥-٧٩. SID. https://sid.ir/paper/381626/fa

موکریانی، هەژار (٢٠١٢) هەمبانە بۆرینە فرهنگ کردی- فارسی، چاپ هشتم، تهران: سروش.

نریمان، یوسفی (٢٠١٠) بررسی نقش تلویزیون در روابط نسلی (با تاکید بر ارزش های فرهنگی)، گزارش طرح پژوهشی، تهران: گروه فرهنگ و رسانه مرکز تحقیقات صدا و سیما.

نصر، حسین (١٩٩٤) جوان مسلمان و دنیای تجدد، ترجمه. مرتضی اسعدی، تهران: طرح نو.

یوسفی، نریمان (٢٠٠٤) شکاف بین نسلها، تهران: پژوهشکده علوم انسانی و اجتماعی.

Bourdieu, pier.(1984) Distinction: A social critique of the judgment of taste. Translated by Richard Nice. New York: Routledge & Kegan Paul.

Kolland, Franz; (1994) contrasting culture profiles between generations: intrstes and common activites in three interfamilial generations, Aging and Society.

Marx, K. (2004). Manifesto of the Communist Party by Karl Marx and Frederick Engels February 1848. *Marxists Internet Archive*.

Turner, Bryan .(1998): "Aging Generations", British Journal of Sociology, Vol,46. Issue 2.

Scott Jacqueline, H. Schuman (2010): “Generation and collective Memories American”, Sociological Review: Vol. 54.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp292-302